# بەهێزکردنی ژنانی عێراق




غوفران حەسەن بە شانازییەوە ناوی سەنتەرەکەی بەرز دەکاتەوە، کە هێمای خۆبەخشی و دیدگای ئەو دەکات بۆ بەهێزکردنی ژنان لە شارەکەیدا. وێنە: ئەحمەد کاکە/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

"ئامانجم پێشکەشکردنی شوێنێکی سەلامەتە بۆ ژنان کە نەک تەنها بتوانن تەندروستی جەستەیی خۆیان باشتر بکەن بەڵکو دەستیان بە پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتیش بگات و فێری کارامەیی نوێ ببن".

غوفران حەسەن لە تەمەنی 26 ساڵیدا، دامەزرێنەری شانازی سەنتەری ڕاهێنانی جەستەیی و تەندروستی ژنانە لە موسڵ، کە لەوێ ڕاهێنانی جەستەیی، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی، وانەکانی دورین، و چاودێری منداڵان پێشکەش بە ژنان دەکات – ئەمەش یارمەتیان دەدات گەشە بکەن هەم لە ڕووی کەسی و هەم لە ڕووی پیشەییەوە.

غوفران یەکێکە لەو ١٠٠ ژنەی کە سەرۆکی خێزانەکانیانن و دەستیان بە بزنس کردووە – سەنتەری تەندروستی غوفران یەکێکە لەو بزنسانە– لە ڕێگەی پرۆگرامی گرادوەیشن ئەپرۆچ (Graduation Approach)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ(IOM) ، کە لەلایەن ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) پارەدارکراوە. ئەم دەستپێشخەرییە ناوازەیە باس لە چەندین لایەنی هەژاری دەکات و ئامراز و سەرچاوەی پێویست بۆ بنیاتنانی بژێوی ژیانی پایەدار بۆ هەندێک لە خێزانە لاوازەکان دابیندەکات.

غوفران بە ئێمەی گوت، "ئەو پشتگیرییەی وەرمگرت یارمەتیمی دا لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دارایی و بازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانم و فراوانکردنی کارەکەم تێبگەم. ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوومەوە، بەڵام لەگەڵ هەر پاشەکشەیەکدا دە هەنگاوم بەرەو پێشەوە دەنا."



دەرچووان لە میانی مەراسیمی *Graduation Approach* لە موسڵ ئاهەنگ دەگێڕن بۆ دەستکەوتەکانیان، ئەمەش لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانیاندا دیاری دەکات. وێنە: ئەحمەد کاکە/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

پرۆگرامی *Graduation Approach* نەک تەنها پشتگیری خێزانەکانی کردووە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری دارایی، بەڵکو یارمەتیان داوە متمانەیان بەخۆیان دروستبکەنەوە و تواناکانی بازرگانی پەرەپێبدەن و هیوایان بۆ بگەڕێننەوە. بۆ زۆرێک لەو ژنانە گەشتی خۆبژێویان پڕ بووە لە ئاستەنگ، بەڵام خۆڕاگرییان وای لێکردوون کە بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تێپەڕێنن.



غوفران لەکاتی نمایشکردنی ئەو بالیفانەی کە لە کاتی وانەکانی دورین لە سەنتەرەکەیدا دروستکراون. وێنە: ئەحمەد کاکە/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

بۆ وەسان فەوزی، دایکی تاقانەی سێ منداڵ، ئەو بەرنامەیە خاڵی وەرچەرخان بوو کە ڕێگەی پێدا ژیانی خۆی دوای ئاوارەبوون ئاوەدان بکاتەوە. وەسان سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە، سوودی لە ئەزموونی پێشووی لە پیشەسازی جوانکاریدا وەرگرت بۆ ئەوەی دوکانی تایبەتی خۆی بکاتەوە. "ئەم بەرنامەیە زیاتر لە پاڵپشتی دارایی پێبەخشیم؛ متمانەی پێبەخشیم بۆ ئەوەی ژیانم بنیات بنێمەوە و داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ منداڵەکانم دروست بکەم. ئەمە تەنها دەستپێکردنی کارێک نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بنیاتنانی بناغەیەکەوە هەیە بۆ گۆڕانکاری بەردەوام."



وەسان فۆزی بە شانازییەوە کاروباری جوانکاری خۆی لە بازاڕدا نمایش دەکات. وێنە: ئەحمەد کاکە/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ئێستا دوکانەکەی وەسان بزنسێکی زۆر باشە، لەنێو ژنانی کۆمەڵگاکەیدا بەناوبانگە. ئەو پلانی هەیە فراوانتری بکات بۆ دامەزراندنی ئەو ژنانەی کە لە دۆخێکی قورسن و یارمەتیان بدات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی و متمانە بەخۆبوون، هەروەک چیرۆکی خۆی.

ماوەیەک پێش ئێستا ئەو ژنانە لە شاری موسڵ کۆبوونەوە بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیان لە مەراسیمێکی دەرچوون. لەم چالاکییەدا چالاکییەکی بە شێوەی بازاڕ نمایشکرا کە دەرچووان کارەکانیان پیشان دا – لە خزمەتگوزارییەکانی بەرگدروویەوە تا دوکانە بچووکەکان – کە دەرفەتی ئەوەی بە سەردانکەران دا کە کاریگەرییە گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامی *Graduation Approach* بە چاوی خۆیان ببینن.



دەرچووانی پرۆگرامی *Graduation Approach* بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکەدا پێشکەش دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن بۆ کارە نوێیەکانیان. وێنە: ئەحمەد کاکە/ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

لەگەڵ بەردەوامبوونی فراوانبوونی بەرنامەی *Graduation Approach* ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ژنانی وەک غوفران و وەسان دەیسەلمێنن کە لە ڕێگەی پشتیوانی تاکەکەسی ڕێکخراو و ئامانجدارەوە، ماڵە لاوازەکان بە سەرۆکایەتی ژنان دەتوانن بەسەر بەربەستەکاندا زاڵ بن، خێزانەکانیان سەرکردایەتی بکەن و کۆمەڵگاکانیان بەرز بکەنەوە.

پرۆگرامی *Graduation Approach* لەلایەن بانکی گەشەپێدانی ئەڵمانی (KfW) و ئاژانسی ئەمەریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) دابین دەکرێت و لە چەندین پارێزگادا کاردەکات، لەوانە نەینەوا، دهۆک، کەرکوک، ئەنبار. ئەم پرۆگرامە یارمەتی ژنان دەدات بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزانەکانیان، دروستکردن بازرگانی پایەدار، بنیاتنانی خۆڕاگری، و پێشبینی داهاتوویەکی پڕ لە ئەگەر.